# بادادگایی فرانس ڤان ئانرات

## بکرێته دەروازەی خەباتێك بۆ نەهێشتنی چەکی کۆکوژ لەجیهاندا!

حەمەغـــــــــــــــەفور
mgafor@yahoo.com

ڕۆژی هەینی 23ئەم مانگە بازرگانێکی گەورەی گازە کوشندەکان ومادده ئەساسییەکانی دروستکردنی چەکی کۆکوژ وبایۆلۆژی، واتا (فرانس فەن ئانرانت)ی هۆڵەندی لەدادگای لاهای نێودەوڵەتی بە15ساڵ زیندانی حوکمدرا. ئەم تاوانبارە گەورەیە بەشێوەیەکی سیستماتیك وبەردەوام ساڵانێکی زۆر بەر لەجەنگی ئێران عێراق لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ سەرانی ڕژێمی سەددامدا بەمەبەستی فرۆشتنی مادده کیمیایی وگازە کوشندەکان بەو ڕژێمە بۆبەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکانی. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەن سیای ئەمریکی وتیمە پشکنەرە نێودەوڵەتییەکانی سەر بەکۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانی گەڕان بەدوای چەکە کۆکوژەکانی ڕژێمی بەعسدا بڵاوکراونەتەوە، لەو ماوەیەدا ئانرانت نزیکەی538تەن ماددەی Thiodiglycol ی لەئەمریکاوە گواستۆتەوە بۆ عێراق، کەلەگەڵ ماددەی تێکەڵەی Zoutzuur بڕی 600تەن مۆستەردگازی ژەهراوی لێ بەرهەمدەهێنرێت، کەئەم بڕە گازە ژاراوییە بەتەنها بەشی چەند جار لەناوبردنی هەموو دانیشتووانی گۆی زەوی دەکات!

لەو ڕووەوە کەخەڵکی کوردستان بەگشتی ودانیشتووانی شاری هەڵەبجە بەتایبەتی بوونە قوربانی ئەم بازرگانییە بەمادده وگازە ژاراوییەکانەوە، وگەورەترین کارەساتی کۆمەڵکوژی لەدژیان ئەنجامدرا، سزادانی تاوانبارێکی گەورەی جەنگیی وبەشدارێکی ڕاستەوخۆی پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی فاشیستی بەعسەوە لەچەشنی ئانرانت، هەم پیرۆزبایی دەڵێم بەخەڵکی هەڵەبجە ودەوروبەری وبەتەواوی خەڵکی کوردستان، لەهەمان کاتدا هەم جێگای خۆشحاڵییە وهەم جێگای تێڕامانێکی ووردتر وجددیتریشە بۆ هەمووومان!

باجارێ ئەوە لەولاوە بووەستێ کەلەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتییدا شاری هەڵەبجە ودەروبەری تائەم ساتانەش، واتە پاش نزیك بە17ساڵی ڕەبەق هێشتا نەك هەر "برینەکانی!" ساڕێژنەکراون، بەڵکو ئاسەواری چەکە ژاراوییەکان دیاردەیەکی ئاشکراو ترسناکن، وجگە لەگۆڕستانێکی یادگاری، یاڕاسترە بڵێین ڕەمزێك بۆ فریودان وسات وسەداو کرۆزانەوە وگیرفانپڕکردنی سەرانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد بەسەر ئەم کارەساتە ئینسانییە گەورەیەوە کەقووتیان کردۆتەوە، هیچ شتێکی وا نەکراوە بۆ خەڵکی ئەم شارە وئەم ناوچەیە! من هەرگیز ویژدانم ڕێگەم پێنادات بۆ یەك جاریش هەست وسۆز و ویژدانی تۆقێنراو وکارەساتباری کەس وکار و باقی ئەو ئینسانانەی کەبەرێکەوت وباوەڕنەکراو لەمەرگی موحەقەق لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ودەوروبەری ڕزگارییان بوو بتاسێنم(بەداوای لێبووردن لەدانەدانەی دانیشتووانی شارەکەم هەڵەبجە، بەڵام لەپێناوی بەرگری

لەڕاستییەکاندا ناچارم لەم ساتەدا ئەم دێڕانە بنووسم!!)، بەوەی ئەو ساتەوەختانەیان بیربێنمەوە کەمنیشیان لەگەڵدا هەموو پێکەوە جگە لەتەسلیم لەبەر پێی مەرگ وڕێکەوتدا هیچ ئیختیارێکمان لەبەردەستا نەبوو، نەك هەر تاو ناتاوێك وەکو بۆتە پیشەی بێشەرمانەی حیزبەکانی پارتی ویەکێتی وبۆ مەبەستی تایبەتی وناشەریفانەی خۆیان، ولەپێناوی بازرگانی کردن بەسەریانەوە، بێ منەت ئەگەر ڕۆژی سەد جار ئەو برینانە نەهێننەوە سوێ هێشتا بەکەمی دەزانن، وئەوەشیان کردۆتە دیاری دەست وبارقەڵای سیاسەت ودەسەڵات وسەروەت سامانێك کەچنگیان بەسەریدا گرتووە!!

پێموایە جیهانی ژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداری ئەمڕۆ سەرەڕای بێڕەحمییەکەی، بەدادگایی کرانی فرانس فەن ئانرانت نیشانی دا کەویژدانی مرۆڤایەتی لەناو ئەم جیهانە بێڕەحمەدا زۆر گەورەتر وبەهێزترە لەوەی ئەو ڕژێمە دژی ئینسانییە خۆی بتوانێ بەئاسانی تاوانەکانی خۆی پەردەپۆش بکات! مەودای کارەساتی کۆمەڵکوژیی لەهەڵەبجە وکوردستان ولەجەنگی عێراق ئێران، وەئێستاشی لەگەڵدا بێت کەلەژێرناوی لەناوبردنی هەر ئەو چەکە کۆمەڵکوژانەی کەدەوڵەتی ئەمریکا سەرچاوەی سەرەکییەتی، وخودی ئەو دەوڵەتە کەخاوەنی گەورەترین زەڕادخانەی چەکی کۆکوژە وتەنانەت یەکەم جاریش هەر ئەو، واتە ئەمریکا دوو شاری هێرۆشیما وناکازاکی ژاپۆنیی بەخەڵکەکەیەوە لەگەڵ خاکەکەیدا سووتاند، ئێستاش زیاتر لە100هەزار ئینسانی کردووە بەقوربگی جەنگێکدا بەناوی ڕزگارکردنی خەڵکی عێراقەوە، کەسەرتاسەری خەڵکی جیهان بەدژی وەستانەوەو، ووتیان نابێ ئەم جەنگە ڕووبدات وئەمە درۆیەکی گەورەیە، وەزۆرێك لەدەوڵەتانی تری ڕۆژئاوایی وزۆرێك لەبازرگانانی دیکەی وەکو ئانرانت، دەستیان هەیە وهەبووە لەتەشەنەپێکردن وبلاوکردنەوە وبازرگانی پێوەکردن وتەنانەت ئەندازیاریی کردنی بەرپاکردنی دامەزراوە تایبەتەکانی پیتاندن وبەرهەمهێنانی ئەو چەکانە لەجیهاندا، زۆر لەوە بەرفراوانترە کەبەفرمێسکی تیمساحی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی سارێژ بکرێت. نەك هەر ئەوەش بەڵکو دەبێ خەڵکی کوردستان ولەپێشیانەوە خەڵکی هەڵەبجە وهەورامان ودەوروبەری، باگابن و ووریابن سەریان لێ نەشێوێنن! ڕێگانەدەن چی تر کەسانێك کەڕاستەوخۆ یاناڕاستەوخۆ دەستیان بووە لەخولقانی کۆمەڵکوژکردنیاندا، بازرگانی بکەن بەسەریانەوە وبەفرمێسکی درۆیینە وەڵام بدەنەوە. کارەساتی هەڵەبجەو کیمیابارانی دانیشتوانی چەند شوێنی تری کوردستان لەگەڵ هەڵەبجەدا، بەرەنجامی ململانێ وهێزهاوسەنگییەکی سیاسی وسەربازی جەنگی ئێران عێراق بوو، کەخودی ئەمریکا وبڕێکی زۆر لەدەوڵەتانی ڕۆژئاوایی وئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی وتاڕادەیەکیش دەوڵەتانی ناوچەکە، هەر یەك بەگوێرەی خۆیان ولەچاو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا شەریك وهاوبەش بوون تیایدا، لانی کەم ئێمە خەڵکی هەڵەبجە ودەوروبەر شاهیدی ئەو ڕاستیانەین. لەپێش هەر هێزێکەوە پارتی ویەکێتی وبڕێکی زۆر لەحیزبەکانی تری ساحەی سیاسی کوردستان بەهێزە ئیسلامییەکانیشەوە، لەپێناوی گوشاردانان لەسەر ڕژێمی بەعس، بۆ گفتوگۆ وسات وسەودا، بوونە هێزی بەر لەشکری ڕژێمی ئیسلامی ئێران وکارەساتی هەڵەبجەیان خولقاند! ئەو کارەساتە حەتمی نەبوو. دەکرا ڕووی نەدایە. بەمەرجێك بەرەی کوردستانی ژیانی خەڵکیان لەلا بەنرخ تربووایە لەسیاسەتێکی ڕەزیلانە بۆ فەرسەت تەڵەبی خۆیان. ئەمە ڕاستییەکە ولەویژدانی خەڵکی کوردستان بەگشتی وخەڵکی هەڵەبجە ودەوروبەریدا بەتایبەتی زیندووە. مەودا وپانتایی کارەساتی بەکاربردنی چەکی کیمیایی وکۆکوژ زۆر بەرفراوانە. ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی ئاوا لەدژی مرۆڤایەتی وتەنانەت بەکردەوە جێبەجێکردنی، کارێکی سەختە وبەبێ هاوکاری

وبەشداری زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێز ولایەن ودەوڵەتانەی ژیانی خەڵکیان لەو شوێنانەدا کردۆتە بارمتەی بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانیان، ئیمکانی جێبەجێبوونی ئێجگار سەختە. تەنانەت سیاسەتی ئەنفالی ڕژێمی بەعس لەکوردستان لەسەر زەمینەیەکی بەم شێوەیە ڕوویدا.

بۆیە هەق وایە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وعێراق وجیهانیش، وەلەپێشیانەوە خەڵکی هەڵەبجە وبالیسان، وێڕای خۆشحاڵییان بەدادگایی کرانی فرانس فەن ئانرانت، بیر لەقەدەغەکردن، وەنەهێشتنی هەموو چەشنە چەکێکی کۆکوژ بکەنەوە لەجیهاندا! حوکمی زیندانی کردنی بازرگانێکی چەکی کۆکوژ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، بکەنە سەنگەر ودەروازەیەك لەپێناوی خەباتێکی گشتی وهەمەلایەنە بۆ پاککردنەوەی جیهان لەم مەترسییە گەورەیە. جیهان بەر لەهەر شتێك، بەر لەتەخشان وپەخشانی پڕوو پووچی دیموکراسی وماڤی مرۆڤ ودەهۆڵکوتان بۆ جەنگ لەژێر ناوی لەناوبردنی مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامی، پێویستی بەنەهێشتن وسڕینەوەی ئەم چەکە گەورە وترسناکەیە لەدژی مرۆڤایەتی! سەرچاوەی نائارامی وتیرۆر ومەترسی لەجیهاندا بەر لەهەر شتێك بوونی ئەم چەکانەیە. ئەگەر دادگایی کردنی ئانرانت دەرگا نەکاتەوە بۆ خەباتێك کەبتوانێت تەواوی ئەو دەوڵەت وحیزب وهێز وکەس ولایەنانەی کەبۆ ماوەی 35ساڵ لەپشتی ڕژێمی سەدامەوە وەستابوون وفەزایان بۆی لەبارکرد هەتا بۆ سەرکوتی کۆمەڵگا وڕاگرتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وفاشیستیی خۆی بەسەر خەڵکەکەیەوە، تەنانەت دەستی بگەیەننە ئەو چەکە کۆکوژانە، وەهەموو ئەو حیزب وهێزە کوردیانەشی کەچوونە سەنگەری ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە لەجەنگی ئێران عێراقدا، وڕاستەوخۆ دەخیل بوون لەکارەساتی هەڵەبجەدا، بدۆزرێنەوە ودەسگیربکرێن ودادگایی بکرێن، هەتا لەو ڕێگەوە کۆمەڵگا هوشیارانە خۆی دەسبەرێت بۆ نەهێشتنی چەکی کۆکوژ لەسەرتاسەری جیهاندا، نەئاهێك بەدڵ ودەروونی خەڵکی هەڵەبجەدا دێت، وەنە برینەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان ساڕێژدەبن. وەتەنانەت کرانەوەی دەروویەکی ڕۆشنیش بەڕووی کۆتاییهاتن بەزوڵمی قەومی وچارەسەری مەسەلەی کورد لەعێراقدا بەجۆرێك بەند دەبێتەوە بەخەباتێکی لەم چەشنەوە. کەوایە باکارەساتی هەڵەبجە بکرێتە بەردەبازێك لەم ڕاستایەدا بەدەستی ئازادیخوازانی کوردستان وجیهانەوە، وڕێگا نەدرێت بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد خۆیان بکەنە خەمخۆر.
26دیسەمبەر2005